# ئینجیلی عیسای مەسیح

# ئینجیلی عیسای مەسیح

## پۆل واشێر

لە کتێبەکانی REFORMATION HERITAGE

GRAND RAPIDS, MICHIGAN

***ئینجیلی عیسای مەسیح***

پۆل واشێر ٢٠١٦

سەرجەم مافەکانی پارێزراوە. بەبێ مۆڵەتی نووسراو، هیچ بەشێک لەم کتێبە نابێت بەکاربهێنرێت یان بەرهەمبهێنرێتەوە بە هیچ شێوەیەک، ئیتر هەر چۆنێک بێت تەنها لە حاڵەتی لێوەرگرتن (ئیقتیباس)ی کورتدا نەبێت کە خرابێتە نێو وتاری شیکاری و ڕاشانی کتێبەکەوە.

Reformation Heritage Books

2965 Leonard St. NE

Grand Rapids, MI 49525

616-977-0889 / Fax 616-285-3246

orders@heritagebooks.org www.heritagebooks.org

*لە ئەمریکا لەچاپدراوە*

16 17 18 19 20 21/10 9 8 7 6 5 4 3 2 1

ئەم ئایەتانە بە مۆڵەتەوە لە پەرتوکی New King James Version وەرگیراون لەلایەن Thomas Nelson ساڵی ١٩٨٢.

ISBN 978-1-60178-520-6 I

ISBN 978-1-60178-521-3 (epub)

بۆ دەستکەوتنی ئەدەبیاتی زیاتر لە ئیلاهیاتی ڕیفۆرمکراو، داواکاریەکانتان بۆ کتێبی بێبەرامبەر لە نێو لیستی پەرتوکگەلی Reformation Heritageدا بۆ ناونیشان و ئیمەیلی سەرەوەی بنێرن.

# ئینجیلی عیسای مەسیح

پەیامی بنەڕەتی مەسیحیەت، ئینجیلی عیسای مەسیحە. وشەی *ئینجیل* مانای هەواڵی خۆش دەگەیەنێت. مەسیحیەت باشترین هەواڵی خۆشمان پێدەدات. لە ڕاستیدا، بەتەنها مەسیحیەت دەتوانێت ڕێگاچارەمان بخاتەبەردەست بۆ قەیرانە هەرە دژوارەکانمان. هیچ پرۆگرامێکی پەروەردەیی، پارتێکی سیاسی، یان چارەسەری سروشتی دەرونی لە توانایاندا نیە قوڵترین گرفتی ڕەگەزی مرۆڤ چارەسەربکات. هەرچەند مەعریفەی مرۆڤ سودگەلێکی کاتی بۆ دەستەبەرکردوین بەڵام مێژو پیپشانیداوە کە ئێمە چەندە لە چارەسەرکردنی گوناهە قووڵەکانمان و لەناوبردنی گەندەڵیی گشتگیر لە جیهانێک کە ئێمە بە هۆیەوە کەوتووینەتە ناڕەحەتییەوە، بێدەسەڵاتین.

ئینجیل دەریدەخات کە خودا هاتووە و سەرکەوتنی بۆئێمە بردۆتەوە. ئەوە ڕێک هەواڵە خۆشەکەیە چونکە دەربارەی ئەو شتە نیە کە ئێمە ئەنجامانداوە یان دەتوانین ئەنجامیبدەین، بەڵکو سەبارەت بەوەیە کە خودا لە هەمبەر خەڵکەکەی ئەنجامیداوە و لە داهاتووشدا ئەنجامیدەدات. ئینجیل دەستێوەردانی یەزدانیمان لە جیهانێکی نائومێددا پێڕادەگەیەنێت.

ئینجیل مزگێنی هەواڵی خۆشی هاتنی عیسای مەسیحیمان پێڕادەگەیەنێت. نزیک بە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا و لە سەردەمی ترۆپکی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕۆمدا، خودا کوڕەکەی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی نارد تا خەڵکی هەر نەتەوەیەک لە گوناه و ڕۆژە ڕەشەکان ڕزگاربکات. مەسیح بەهۆی ڕوحی پیرۆز (ڕوحولقودوس)ەوە لە ناو منداڵدانی کچێکی پاکیزەدا، خۆینواند و عیسای ناسری (خودا-مرۆڤ) لەدایکبوو.

عیسا هات تا گوناهەکانی پیاوان و ژنە تێکشکاوەکان بخاتە ئەستۆی خۆی و ژیانی خۆی وەک قوربانییەک ببەخشێت بە ئێمە. مەرگی ئەو داواکاریەکانی دادپەروەری خودای لە بەرامبەر گوناهباران بەجێگەیاند و هەروەها ئەو ئەگەرەشی بۆ خودایەکی دادپەروەر هێنایەئاراوە کە لێیانخۆشببێت. زیندوبوونەوەی ئەو لە دوای سێ ڕۆژ بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو کوڕی خودایە و بەڵگەشە بۆ ئەوەی کە خودا مەرگی ئەوی وەک سزای تەواوەتی گوناهی ئێمە قبوڵکردوە. ئێستا تەواوی خەڵک دەشێت لێخۆشبوونی تەواوەتی بیانگرێتەوە، لەگەڵ خودادا تەبابکرێنەوە و ژیانی نەمریش بەدەستبهێنن لەڕێگەی باوەڕهێنان بە کەسی عیسای مەسیح و کارەکەی. لەڕێی کاری مەزنی ڕزگاربوونەوە، خودا ئەوەی بۆ ئێمە دەرخستووە کە ئەو کێیە.

## کارەکتەری خودا

بۆ ئەوەی لە ئینجیل تێبگەین، دەبێت شتێک لەسەر خودا تێبگەین. خودا هێزێکی غەیری مرۆڤیی یان هەمو ئەو وزەیەی دەوروبەری ئێمە نیە، بەڵکوو خولقێنەری کەسی و خودای هەمووە (پەیدابوون ١). پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە تەنها خودای ڕاستەقینە وەک سیانیەک (تەسلیس) بوونی هەیە: باوک، کوڕ و ڕوحی پیرۆز (مەتا ٣:١٦-١٧؛ ١٩:٢٨). ئەوان سێ کەسی لێکجیاوازن و

دەکرێ لێکجیابکرێنەوەو هێشتاش هەر یەک بوونن نەک سێ (یوحەنا ١٠:٣٠-٣٣). ئەوان لەهەمان جەوهەری یەزدانیدا هاوبەشن بەهەمان خەسڵەتی یەزدانیشەوە. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە کە خودا بەشێوەیەکی بێوێنە دەکات بە خودی خۆی، ئەگەر وابڕیاربێت گوناهباران ڕزگاربکرێن خودا داواکاری قوربانیەکە لە پێنا و گوناهدا. بۆ ئەوەی پێویستی مەرگی مەسیح باش پەیپێبەرین، پێویستە زیاتر لەسەر کارەکتەری ئەم خودا سیانییە بزانین.

***خودا خۆشەویستیە***

پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە خودا خۆشەویستییە (یەکەم یوحەنا ٤:٨) وە هەروەها ئەوەش کە خۆشەویستیەکەی وایلێدەکات ئازادانە و خۆنەویستانە خۆی ببەخشێ بە کەسانی تر بۆ سود و چاکەیان. گرنگە لەوە تێبگەین کە خۆشەویستی خودا لەوە زیاترە کە تەنها هەڵویستێک، سۆزێک یان شتێک بێت کە ئەو دەیکات. بەڵکو خۆشەویستی تایبەتمەندیەکی خودایە- سروشت و بوونی تەواوی ئەوە. خودا بەتەنها خۆشەویستی نادات؛ ئەو *بریتیە* لە خۆشەویستی. ئەو جەوهەری ئەو شتەیە کە خۆشەویستیە، وە دوا سەرچاوەی هەمو خۆشەویستیەکی ڕاستەقینەیە کە لەوەوە هەڵدەقوڵێت. وشەگەلێکی تر زۆرجار هاوتادەکرێنەوە بە خۆشەویستی خودا بریتین لە چاکەخوازی، میهرەبانی، ئارامی و سەبر. بەدەر لەهەر شتێک کە بەبیرماندادێت یاخود تەنانەت دەشێبیستین، بەڵگەی پتەوی ئینجیل ئەوەیە کە خودا خۆشەویستیە!

ئەوەی کەسانی دیکەی خۆشنەوێت خودای نەناسیوە، چونکە خودا خۆشەویستییە (یەکەم یوحەنا ٤:٨)

یەزدان میهرەبان و بە بەزەییە، پشودرێژە و خۆشەویستی نەگۆڕی زۆرە. (زەبوورەکان، ١٠٣:٨ هەروەها بڕوانە دەرچوون ٣٤:٦زەبوورەکان ٨٦:١٥: ١٤٥:٨)

بەڵام یەزدان چاوەڕێی ئەوە دەکات هەتا لەگەڵتان میهرەبان بێت، لەبەر ئەوە هەڵدەستێت بۆ ئەوەی بەزەیی پێتاندا بێتەوە، چونکە یەزدان خودای دادپەروەرییە. (ئیشایا ٣٠:١٨)

هەموو بەخشینێکی چاك و بەهرەیەکی تەواو لەلایەن سەرەوەیە، لەلای باوکی ڕووناکییەکانەوە دێتە خوارەوە، ئەوەی ناگۆڕێت و سێبەری خولانەوەی نییە. (یاقوب ١:١٧)

***خودا پیرۆزە***

کتێبی پیرۆز فێرماندەکات کە خودا پیرۆزە (ئیشایا ٦:٣). وشەکە پەیوەندی بەو بیرۆکەیەوە هەیە کە مانای "جیاکراوە"، "دەرخراو"، یان "بەجیادانراو" بەگەیەنێت. بەڵام هێندەی پەیوەندی بە خوداوە هەبێت، وشەکە دوو مانای گرنگ دەگەیەنێت. یەکەم، مانای ئەوەیە کە خودا لەسەرو هەمو خوڵقێنراوەکانیەتی و بەتەواویش جیاکراوەیە لە هەمو بونەوەرێکی خوڵقێنراو. سەرەڕای مەزنیان، هەمو بونەوەرەکانی دی سەر زەوی و لە ئاسمانیش هەمویان تەنها بونەوەرن. بەتەنها خودا خۆی

خودایە- جیاکراوە، بڵند و باڵا لەسەرو هەمو بوونەکانەوە، و وە بەراوردنەکراویشە. دووەم، پیرۆزی خودا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو لەسەرو یاخود جیاکراوەیە لە گەندەڵی ئەخلاقی خوڵقێنراوەکەی وە لەهەمو ئەوەش کە گوناهبار و بێڕێزیە بە خودا. خودا ناتوانێت گوناهبکات، ناشتوانێت چێژ لە گوناە ببینێت، وە ناشتوانێت هیچ پەیوەستبونێکی هەبێت پێوەی.

ئەمیان بانگی ئەوەی دیکەی کرد و گوتی:

"یەزدانی سوپاسالار پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە!

شکۆمەندییەکەی هەموو زەویی پڕکردووە!" (ئیشایا ٦:٣)

خودا ڕوناکیە، هیچ تاریکی تێدا نییە. (یەکەم یوحەنا ١:٥)

چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن، ناتوانیت بەرگەی خراپەکاری بگریت. (حەبەقوق ١:١٣)

کاتێك کەسێك تاقی دەکرێتەوە، با نەڵێت: "لەلایەن خوداوە تاقی دەکرێمەوە" چونکە خودا لە کاری خراپەدا تاقی ناکرێتەوە، ئەویش کەس بەو شێوەیە تاقی ناکاتەوە. (یاقوب ١:١٣)

چونکە تۆ خودایەك نیت خراپەت پێ خۆش بێت، بەدکار لەگەڵت نیشتەجێ نابێت. (زەبوورەکان ٥:٤)

**خودا دادپەروەرە**

وشەی دادپەروەر ئەخلاقی نایابی خودامان بۆ دەردەخات. بەپێی پەرتوکی پیرۆز، خودا بونێکی بەرەهایی دادپەروەر و وە بەردەوامیش کرداری تەبادێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو کێیە. هیچ شتێک چەوت و هەڵە نیە لە سروشتی خودادا یان کارەکانیدا. ئەو هەرگیز نابێتە یاخود شتێک ناکات کە ببێتە مایەی بەهانە بۆ هەر تۆمەتبارکردنێک لە دژی ئەو. کارەکانی، فەرمانەکانی و حوکمدانەکانی بەڕەهایی بێخەوشن.

لەبەر ئەوەی یەزدان ڕاستودروستە و

حەزی لە دادپەروەرییە،

کەسی سەرڕاست تەماشای ڕووی خۆی دەکات. (زەبوورەکان ١١:٧)

ئەو گاشەبەردە و کارەکانی ڕێکوپێک

ڕێگاکانی، هەمووی دادپەروەرین.

ئەو خودایەکی ڕاستگۆ و دوور لە نابەرابەری

دادپەروەرە و هەمیش دروستکار. (تەسنیە ٤:٣٢)

دادپەروەری خودا تەنها وەسفی کارەکتەری ئەو ناکات، بەڵکو وەسفی پەیوەندی ئەو بە مەخلوقەکەی، بەتایبەتی بە مرۆڤایەتیەوە دەکات. هەر بەپێی کتێبی پیرۆز، خودا لەڕێی ئەفراندنەکەی ئیرادە و ویستی خۆی بۆ تەوای خەڵک ئاشکراکردوە (ڕۆما ١:٢٠، ٣٢) و وە هەروەها لەڕێی ویژدانیشیانەوە (ڕۆما ٢:١٤-١٦). ئەو بە ڕونترین شێوە خۆی لە ووتەکانیدا، لە کتێبی پیرۆزدا ئاشکراکردوە (زەبوورەکان ١٩:٧-١١). ئەو لەسەر ئەو بنەمایەی بۆی ئاشکراکردوە هەمو کەسێک دادپەروەریدەکات. ڕۆژێک دادێت کە خودا دادپەروەری هەمو کەسێک دەکات بەپێی توندترین بنەماکانی دادپەروەری و ڕەوایەتی، پاداشتی چاکەکاری دەداتەوە و خراپەکاریش سزادەدات.

بەڵام یەزدان هەتاهەتایە دادەنیشێت،

تەختی خۆی بۆ دادوەری دامەزراندووە.

بە ڕاستودروستی دادوەری جیهان دەکات،

بە دادپەروەری گەلان حوکم دەدات. (زەبوورەکان ٩:٧-٨)

چونکە خودا هەر کار و کردەوەیەکی شاراوەش

چ باش و چ خراپ، دەکێشێتە ناو دادگا. (جامعە ١٢:١٢ هەروەها بڕوانە پەندەکان ٥:٢١ : ١٥:٣ ؛ عیبرانیەکان ٤:١٣)

من یەزدانم، دڵ دەپشکنم،

دەروون تاقی دەکەمەوە،

بۆ ئەوەی هەریەکە بەگوێرەی ڕەفتارەکەی پێی بدەم. (یەرمیا ١٧:١٠، هەروەها بڕوانە عیبرانیەکان ٩:٢٧)

بەردەوام دەبێ ئەوە بزانین کە دادوەریی مرۆڤ لەلایەن خوداوە، زاڵمانە و بێ هۆشداری پێدانی لەپێش نیە، بەڵکوو لێکەوتەی کارەکتەری دادپەروەرانەی ئەوە و بەشێکی پێویستیشە لە بەڕیوەبردنی ئەو. خودایەک کە ڕەدیبکاتەوە دادپەروەری لەسەر خراپەکاری بکا، خودای خۆشەویستی، باشی و دادوەری نیە. ئەفراندنێک کە خراپەی چڵەو نەکرابێت و دادگاینەکرابێت، ئەوا هەر خۆی زوو بە زوو دوچاری خۆتێکشکان دەبێت.

ئایا ئێوە بەم خودایە گەیشتون؟ قسەکردن لەسەر خودا شتێکە و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شکۆی ئەو لە پەرتوکی پیرۆزدا شتێکی تەواو جیاوازترە. جێیەک کە خودای بەڕاستی لێناسرابێت، تەواوی مرۆڤایەتی وەك هیچی لێدێت. کورترین ئاوڕێک لەسەر پیرۆزی خودا، ئێمە خۆبەکەمزان لێدەکات

و بەتاڵماندەکاتەوە. تەنانەت لە دۆخی بنەڕەتی و بێ وێنەیماندا کاتێک بۆ یەکەمجا خودا ئێمەی خولقاند، ئێمە هەر تەنها شکل و خزمەتکار بوین، وە ئەویش هەر خودای مەزن. وەلێ بەهۆی گوناهمان لە بەرامبەری، ئێمە کەوتوینەتە ئاستێکی زۆر نەویەوە.

## کارەکتەری مرۆڤایەتی

بۆ تێگەیشتن و بەرزڕاگرتنی ئینجیل، تەنها ئەوە پێویست نیە کە شتێک لەسەر کارەکتەری خودا بزانین بەڵکو دەبێت شتێکیش لەسەر کارەکتەری خۆمان بزانین. شتێک کە کتێبی پیرۆز دەربارەی ئێمە دەیڵێت جێگای دڵخۆشکردن و ڕیاکاری نیە، بەڵکو تەواو دروست و دەقیقە.

### *مرۆڤایەتی لە ڕووی ئەخلاقییەوە گەندەڵبووە*

بەرلەوەی بکەوێتە گوناهەوە، مرۆڤ لە بنەڕەتدا شکۆداربووە، بەڵام دۆخی ئێستای مرۆڤ نائومێدانەیە. ئینجیل فێرماندەکات کە هەرچەندە مرۆڤایەتی وەك چاکەخوداز ئەفرێنراوە (وەدیهاتن ١:٢٦، ٣١)، بەڵام هەموو مرۆڤەکان ڕۆچوونەتە ناو مەرگی ڕوحەوە (ئەفەسۆس ٢:١). ئێمە هەر بەسروشت لەڕوی ئەخلاقیەوە گەندەڵین، مەیلیمان بەرەو خراپەیە و وە دوژمنکارانە لە خودای دادپەروەر دەڕوانین.

بەڕاستی کە ئەوەم بۆ دەرکەوت

کە خودا مرۆڤی ئەفراندووە

بەڵام ئەمان پشتیان بە داهێنانی زۆر بەستووە. (کۆمەڵگا ٧:٢٩)

دڵ لە هەموو شتێك فریودەرترە و

دەرمانی نییە،

کێ دەیناسێت؟ (یەرمیا ١٧:٩)

چونکە بیری خراپ لە دڵەوە دەردەچێت، کوشتن، داوێنپیسی، بەدڕەوشتی، دزی، شایەتی درۆ، کفرکردن. (مەتا ١٥:١٩)

هەموو وەك شتی گڵاومان لێ هات،

هەموو کاری ڕاستودروستیمان وەك پەڕۆی پیسی مانگانەی ئافرەت بوو.

هەموو وەك گەڵا سیس بووین،

تاوانەکانمان وەك با هەڵماندەگرێت. (ئیشایا ٦:٦٤)

بایەخی سروشتی دنیایی دوژمنایەتییە لەگەڵ خودا، چونکە ملکەچی تەوراتی خودا نابێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت. (ڕۆما ٧:٨)

ئەو ئایەتانەی کتێبی پیرۆز کە هەرئێستا خوێندتەوە ڕەنگە دژایەتیت بکەن؛ بەڵام بە تۆمەتبارزانینی مرۆڤایەتی لە هەمو لاپەڕەکانی مێژودا بەڵگەنەویستە. جگە لەمەش، ئەگەر ئێوە ڕاستگۆبن لەگەڵ خۆتاندا، دانبەوەدا دەنێن کە بیرکردنەوەکانتان، وتەکانتان و کردەوەکانتان ڕاستی ئەم ئایەتانە دەسەلمێنن کە بەردەوام یاسای پیرۆزی دە فەرمانەکەی خودا پێشێلدەکەن. (دەرچوون ٢٠:١-١٧ هەروەها بڕوانە مەتا ٥:٢١-٤٨)

## گوناهبار و سەرزەنشتکراو

کتێبی پیرۆز فێرماندەکات کە گەندەڵیی ئەخلاقیی ناو ناخمان، ئێمە بەرەو کارگەلێک ڕادەکێشێ لە دژی بنەمای دادپەروەرانەی خودایەکی پیرۆز، پاک و دلۆڤان. هەموو ئێمە، بەبێ هەڵاوێردن گونهبارین هەم بە سروشت و هەمیش بەو کردارانەی کە کردومانن. ئێمە هەمومان لە بەرامبەر خودادا وەک گوناهبار و بەبێ هیچ بەهانە ڕادەوەستین.

لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن. (ڕۆما ٣:٢٣)

کەس نییە گوناه نەکات. (یەکەم پاشایان ٨:٤٦)

وەك نووسراوە:

"کەس بێتاوان نییە، تەنانەت یەك کەسیش،

کەس نییە تێبگات،

کەس نییە بەدوای خودا بگەڕێت.

هەموو ڕوویان وەرگێڕا و

تێکڕا بێ سوود بوون.

کەس نییە چاکە بکات،

تەنانەت یەکێکیش نییە". (ڕۆما ٣:١٠ - ١٢)

ئێستا دەزانین هەرچی شەریعەت دەیڵێت، بەوانەی دەڵێت کە لەژێر سایەی شەریعەتدان، تاکو دەمێك دابخرێت و هەموو جیهان بکەوێتە ژێر لێپرسینەوەی خودا . (ڕۆما ٣:١٩)

ئەی یەزدان، ئەگەر گوناهەکان تۆمار بکەیت، ئەی پەروەردگار، کێ دەوەستێت؟ (زەبوورەکان ٣:١٣٠)

خۆت تاقیبکەرەوە. ئاخۆ ئێوە گوناهبارن؟ ئەمە پرسیارێک نیە لەسەر ئەوەی کا ئاخۆ ئێوە هەندێک هەڵەتان کردوە. پرسەکە ئەوەش نیە کە ئێوە هەروا بە ئاسانی دانبنێن بەوەدا کە چەند هەڵەیەکتان کردوە. ئایا ئێوە بەوە دەزانن کە دڵێکی گوناهبارتان هەیە و وە پاشخانێکیش لە پێشێلکردنی یاساکانی خودا؟ بەهانە مەهێننەوە. وا خۆتانمەنوێنن کە لە بنەڕەتدا ئێوە کەسێکی چاکەخوازن. گەر وابکەن، ئەوا مەسیح هیچی پێنیە بۆ ئێوە چونکە ئەو لە پێناو گوناهباراندا هاتووە. بەڵام ئەگەر بە ئەفسوسەوە دان بە گوناهتاندا بنێن، ئیدی حیکمەتی خودا بە باشترین شێوە گرفتی گەورەی ئێوەی چارەسەرکردوە.

## گرفتە گەورەکە

مایەی ئاسودەبوونە کە بزانین خودا پیرۆز و دادپەروەرە. دەبووە مایەی ترس و تۆقین گەر بهاتبایە سەرداری باڵادەستی گەردوون خراپەخواز بووایە. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ ئێمەی مرۆڤ باشی ڕەهایانەی خوداش دەشێت مایەی نیگەرانی بێت. گەر خودا باش بێت، چیدەکات لەگەڵ ئەوانەی ئێمە کە باشنین؟ خودایەکی باش و دادپەروەر چیدەکرد لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی کە تەنها بیر لە خودای خۆیان دەکەنەوە، مەیلی خراپەکاریان هەیە، وە گوێڕایەڵنین؟ گەر بێتو حوکمدانی هەمو زەوی لەسەر بنەمای دادپەروەری مامەڵەمان بکات، نابێت خودا ئێمە هەموو سەرکۆنەبکات؟

ئەو پرسیارانە، ئێمە دەگەیەنێت بە گەورەترین لە گرفت و چەندوچونە ئاینی و فەلسەفیەکان: چۆن خودا دەتوانێ دادپەروەر بێ بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەو کەسانە ببوورێ کە بەڕاستی دەبێ سەرزەنشتبکرێن؟ چۆن خودا دەتوانێ پیرۆزبێت بەڵام لەگەڵ خراپەخودازەکاندا هاوڕێبێت؟ هەرکەسێک بەهانە بهێنێتەوە بۆ خراپەکاری ناکەوێتە بەر بەزەیی خودا (پەندەکان ١٥:١٧). کەواتە چۆن خودا گوناهباران لە گوناه بێبەریدەکات و هێشتاش دادپەروەر بمێنێتەوە؟ (ڕۆما ٢٦:٣)

## وەڵامی خودا بۆ گرفتەکەمان

ئەگەر خودا بەپێی دادپەروەریی خۆی بکات، ئەوا گوناهبار دەبێت ئیدانەبکرێت، ئەگەر خودا لە گوناهبار خۆشبێت، کەواتە دادپەروەرییەکەی دەچێتە ژێر پرسیارەوە. وەڵامی ئەو گرفتە هەرە گەورەیە دەکرێ تەنها لە ئینجیلدا بدۆزرێتەوە. خودا، مرۆڤایەتی لە دادپەروەری خۆیدا لە بەرامبەر گوناهەکانمان لە دژی، هەمو مرۆڤایەتی مەحکومکرد و داواکاری ڕازیبونی تەواوەتیە لێمان. خودا لە دلۆڤانیی خۆیدا گوناهەکانی ئێمەی خستە سەرشانی خودی ئەو، سزایەک کە ئێمە

دەبا بمانکێشابا، ئەو قەبووڵی کرد و لەجیاتی ئێمە مرد. هەر ئەو خودایەی کە دادپەروەرییەکەی وا دەخودازێ کە تێچووی گوناهەکانمان بدرێتەوە، ئەو خۆی بە بەخشینی گیانی خۆی لە جیاتی ئێمە، ئەو سزایەیدا. هەر ئەمەشە کە ئینجیل بەڕاستی دەکاتە هەواڵێکی خۆش.

### *عیسای مەسیح، جێگرەوەی ئێمە*

لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێك باوەڕی پێبهێنێت لەناونەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت (یوحەنا ١٦:٣).

ئەوەی کەسانی دیکەی خۆشنەوێت خودای نەناسیوە، چونکە خودا خۆشەویستییە. بەم شێوەیە خۆشەویستی خودا لەنێوانماندا دەرکەوت: خودا کوڕە تاقانەکەی خۆی ناردە جیهان تاکو بەهۆیەوە بژین . خۆشەویستی لەمەدایە: نەك ئێمە خودامان خۆشویست، بەڵکو ئەوخۆشیویستین و کوڕەکەی بۆ کەفارەتی گوناهەکانمان نارد (یۆحەنای یەکەم ٤:٨-١٠).

عیسا گوتی، "کەس خۆشەویستی لەمە گەورەتری نییە کە یەکێك ژیانی خۆی بۆ دۆستەکانی دابنێت". (یوحەنا ١٣:١٥)

### *خاچ*

عیسای مەسیح، کوڕی خودا، گیانی خۆی لەسەر خاچ وەک قوربانیەک بۆ سەرجەم گوناهەکانی خەڵکەکەی بەخشی. زۆربەی مێژوونووسەکان، خاچ وەک دڕندانەترین ڕێگای ئەشکەنجە کە تا ئێستا مرۆڤ بەکاری هێناوە، دەزانن. ئەو دڕندەییە دو واقیعی گرنگمان بۆ دەخاتەڕو.

یەکەم: ئەم دڕندەییە، ڕادەی زۆری دوژمنایەتیی ئێمە لەگەڵ خودا نیشاندەدات. خودا هێندە جیهانی خۆشویست کە تاقانە کوڕی خۆی بەخشی و وە جیهانیش هێندە لە خودا بەرقە کە ئەوی بە خراپترین شێوازی ئەشکەنجە و مەرگ، مەحکوومکرد.

دووهەم: ئەو دڕندەییە، دەرخەری گەورەیی گوناهی ئێمە بە دژی خودایە. گوناهەکانی ئێمە لە دژی خودا ئەوەندە جێگای داخە و سزای گوناهەکانی ئێمە ئەوەندە توندە کە تەنیا لە ڕێگای ئازارچەشتنێکی لەڕادەبەدەر و مەرگی کوڕی خوداوە دەکرا درابا.

ئازاری جەستەیی و مەرگی عیسای مەسیح لەسەر خاچ، بەڕاستی پێویست بوو. بەڵام دەبێ تێبگەین کە ئازاری ئەو تەنها پەیوەست نیە بە دڕندەیی مرۆڤی خراپەخواز. عیسای مەسیح لەسەر خاچ، ئازاری دادپەروەری خودای چەشت! دادپەروەریی خودا پێویستی بەوە بوو کە سزای گوناهەکانمان بدرێ و ڕقی ئەو بە دژی ئێمە هەڵبگیرسێنێ. بۆ قایلکردنی دادپەروەریی خودا و ئارامکردنەوەی ڕقی ئەو، پێویست بوو عیسای مەسیح، سزایەک کە ئێمە شیاوی بووین، بچێژێ. بەم شێوەیە ئەو

گوناهی ئێمەی خستەسەر شانی خۆی و لەجیاتی ئێمە بەر نەفرەت کەوت، خودا لەخۆی بێبەریکرد، وە ئەو هەمو ئازاری ڕقی خودای چەشت کە لەئەسۆی ئێمە بوو.

*عیسای مەسیح بەرگەی گوناهی ئێمەی گرت*. لەسەر خاچ، گوناهەکانی ئێمە خرایە ئەسۆی مەسیح. ئەوەش بەو واتایە دێت کە خودا گوناهەکانی ئێمەی خستە ئەستۆی مەسیح و ئەو گوناهانەی بەهی ئەو ئەژمارکرد. لە ئەنجامدا، عیسای مەسیح لە شانشینی خودادا، بە گوناهبار ناسێندراو وەک کەسێکی گوناهبار مامەڵەی لەگەڵکرا.

هەموو وەك مەڕ بڵاوەمان کردووە،

هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرتووە،

بەڵام یەزدان هەموو تاوانەکانی ئێمەی

خستە سەر ئەو. (ئیشایا ٦:٥٣)

ئەوەی گوناهی نەدەناسی [مەسیح] خودا لە پێناوی ئێمە، کردییە گوناه، تاکو بە یەکبوون لەگەڵ ئەو ببین بە ڕاستودروستی خودا. (دووەم کۆرنسۆس ٢١:٥)

*عیسای مەسیح ئازاری نەفرەتەکانی ئێمەی چەشت*. بەنەفرەتبوون لەلایەن خوداوە واتا کەوتنە بەر ناڕەزامەندی و مەحکوومبوونی خودا. ئێمە هەمومان بەهۆی گوناهمانەوە لەژێر نەفرەتی خودادا بووین. عیسای مەسیح بۆ ئازادکردنی ئێمە لەو نەفرەتە، خۆی نەفرەتکرا و لەجیاتی ئێمە ئازاری حوکمدانی خودای چەشت. ئەو ئێمەی ڕزگارکرد، واتا ئەو تێچووەکەیدا تاکو دادپەروەری و یەکسانیخودازیی خودا مەیسەربکات بە شێوەیەک کە هەرکەس باوەڕ بە ئەو بێنێت، ئازاددەبێت.

هەموو ئەوانەی پشت بە کرداری شەریعەت دەبەستن، لەژێر نەفرەتن، چونکە نووسراوە: "هەرکەسێك لە هەموو نووسراوی پەڕتووکەکانی تەورات نەچەسپێت بۆ پەیڕەوکردن، نەفرەت لێکراوە". (گەلاتیا ١٠:٣)

مەسیح ئێمەی لە نەفرەتی شەریعەت کڕییەوە، بەوەی لە پێناوماندا بووە نەفرەت، چونکە نووسراوە : "هەرکەسێك لەسەر دار هەڵبواسرێت نەفرەت لێکراوە " . (گەلاتیا ١٣:٣)

خودا لە جێگەی ئێمە مەسیحی لەخۆی بێبەریکرد. یەکێک لە ئاکامە هەرە ترسناکەکانی گوناهی ئێمە نامۆبونە لە خودا- بکرێێتەدەرەوە لە حزوری شکۆمەندانە و بەزەیی یەزدانیی خودا.

بەڵکو تاوانەکانتان بوون بە بەربەست

لەنێوان ئێوە و خوداتان،

گوناهەکانتان بەم جۆرەی کرد ڕووی خودای لێ شاردنەوە

تاکو گوێتان لێ نەگرێت. (ئیشایا ٥٩:٢)

بۆ ئەوەی ڕزگارمانبکات لە لێکدابڕانێکی ئەوها هەتاهەتایی، مەسیح گوناهەکانی ئێمەی لەسەر گردی جلّجتا خستە ئەستۆی خۆی و لەبری ئێمە لە لایەن خوداوە وەلانرا.

نزیکەی کاتژمێر سێ عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: "ئێلی، ئێلی، لەما شەبەقتانی؟" واتە: "خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟". (مەتا ٢٧:٤٦)

مەسیح ئازاری تورەیی خودای بۆ ئێمە چەشت. پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە خودا لە مرۆڤ تورەیە بەهۆی خراپەکاریە نەبڕاوەکەیەوە، هەرچەندە ئەمەش ڕاستیەکی باو نیە. زەبوورەکان ( ٧:١١ ) دەڵێ: "خودا دادوەرێکی ڕاستودروستە، هەموو ڕۆژێکیش تووڕە دەبێت".

تووڕەیی خودا شتێکی کۆنترۆڵنەکراو، ناعەقلانی، یان خۆویستی سۆزدارانە نیە، بەڵکو دەرئەنجامێکی پیرۆزی، دادپەروەری و خۆشەویستی خودایە بۆ هەمو شتێکی باش. خودا ڕقی لە گوناهە و بە ڕقێکی ترسهێنەر و زۆربەی کاتەکان توندوتیژ بە دژی دەجووڵێتەوە. ئەگەر مرۆڤ بکەوێتە بەر ڕقی خودا ئەوەیە کە ئەو خۆی هەڵیبژاردووە کە دەسەڵاتی خودا بکێشێتە ناو قەیرانەوە، لە ئیرادەی خودا سەرپێچیبکات و خۆی بداتەدەست خراپەکارییەوە.

لەبەر ئەوەی هەمو مرۆڤەکان گوناهبارن، شیاوی ڕقی خودان. سەرەڕای ئەمەش، مەسیح لە خۆشەویستیدا، پیاڵەی ڕقی خودا کە ئێمە شایانی بووین، وەریگرت و تا دڵۆپی ئاخر خواردیەوە و دادپەروەریی خودای لەسەر ئێمە بە تەواوەتی بەجێگەیاند.

یەزدانی پەروەردگاری ئیسرائیل ئاوای بە من فەرموو: "جامی شەرابی ئەم تووڕەییە لە دەستم وەربگرە و دەرخواردی هەموو ئەو نەتەوانەی بدە کە من دەتنێرم بۆ لایان". (ئێرمیا ٢٥:١٥)

کەمێك چووە پێش و بە ڕوودا چووە سەر زەوی، نوێژی دەکرد و دەیفەرموو: "باوکە، ئەگەر دەکرێت ئەم جامەم لەسەر تێبپەڕێت. بەڵام نەك وەك من دەمەوێت، بەڵکو ئێوە"......دیسان چووەوە نوێژی کرد: "باوکە! ئەگەر ناکرێت ئەمە لەسەرم تێبپەڕێت و هەر دەبێت بیخۆمەوە، با خواستی ئێوە بێت". (مەتا ٢٦:٤٢)

بە دڵنیاییەوە دەردەکانی ئێمەی هەڵگرت،

ئازارەکانی ئێمەی برد،

ئێمەش وامانزانی لەلایەن خوداوە گورزی بەرکەوتووە،

لێی دراوە و زەلیلە.

بەڵام ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو،

لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا.

ئەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی ئێمە سزای چێژت،

بە برینەکانی ئەو چاك بووینەوە. (ئیشایا ٥٣:٤-٥)

*مەسیح لەجیاتی ئێمە مرد*. یەکێک لە بەرزترین هێماکانی حوکمدانی خودا بەدژی ناپاکی ئێمە، مردنی جەستەییە- واتا جیا بوونەوەی ڕوح لە لەش. لە سەردەمی ئادەمەوە هەتا ئێستا، خەڵک ڕووبەڕووی ئەو ڕاستیە ترسهێنەر و نکوڵی لێنەکراوە بوونەتەوە کە مردنە (ڕۆما ٥:١٢). کتێبی پیرۆز فێرماندەکات کە مەرگ بەشی سروشتی یان سەرەکیی ئەفراندن نەبووە. بەڵکوو حوکمی خودایە بەسەر مرۆڤەوە بەهۆی گوناهیانەوە. بۆ ئەوەی ئێمە لە هێزی مەرگ ڕزگارمان بێت، دەبوو مەسیح لە جیاتی ئێمە بمرێت.

چونکە کرێی گوناه مردنە. (ڕۆما ٦:٢٣)

عیسا بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: "باوکە، ڕۆحی خۆم بە دەستی ئێوە دەسپێرم." ئەمەی فەرموو و گیانی سپارد. (لوقا ٢٣:٤٦)

لەبەر ئەوەی مەسیح تەنها جارێك لەبەر گوناە ئازار درا، بێتاوان لە پێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیك بکاتەوە. خەڵك مەسیحیان کوشت بەڵام خودا بە ڕۆح زیندووی کردەوە. (یەکەم پەترۆس ٣:١٨)

عیسای مەسیح تەنیا وەک شەهیدێک نەمرد بەڵکو ئەو وەک مەسیح- کە لە گوناهەکانمان ئازادماندەکات، گیانی خۆی سپارد. بەرلەوەی کە دوا هەناسەی بکێشێت گوتی "تەواوبوو" (یوحەنا ١٩:٣٠). کاتێ ئەو ڕستەیەی گوت، مەبەستی ئەوە بوو کە لە ڕێگای ژان و مەرگی ئەوەوە، تێچووی گوناهەکانی ئەو کەسانەی داوە کە باوەڕیان پێهێناوە.

ئایا باوەڕتان بەوە هەیە کە عیسای مەسیح لەپێناو گوناهبارانداگیانی سپارد؟ ئەگەر باوەڕتان نیە، ئەدی بۆچی دژایەتی لەگەڵ گوتەی خودایەکدا دەکەن کە ناتوانێ درۆبکات؟ ئەگەریش باوەڕتان پێیەتی، ئەو کات ئەو ڕاستییە مەزنە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئێوە هەبووە؟ ئایا لەهەمبەر لەخاچدانی عیسادا بێ هەڵوێست دەبن؟ یان خراپتر لەوە، ئایا لەبەرامبەر لەخاچدانی مەسیحدا وەک بیانوویەک بۆ ژیانێکی تەژی لە گوناه و گەندەڵی کەڵکوەردەگرن؟ ئەگەر مەرگی مەسیح لە دڵی ئێوەدا جێگای کردۆتەوە، کەواتە چیتر ناتوانن بۆ خۆتان بژین بەڵکوو لە ناخەوە هاندەدرێن کە بۆ کەسێک بژین کە لە پێناو ئێوەدا مرد و ڕابوو. کاتێک کە خودا چاوەکانتان دەکاتەوە تا زانایی و هێزی ئەو لە خاچدا ببینن، ئیتر هەر ئەو کەسەی پێشوو نامێننەوە، بەڵکوو وەشوێن مەسیحی ڕابوو دەکەون.

### *هەستانەوە*

ئەوە شایەتیی پەرتوکی پیرۆزە کە مەسیح تەنیا لەبەر گوناهەکانی خەڵکەکەی نەمرد بەڵکوو ڕۆژی سێیەم، لە ناو مردووەکان هەستایەوە. هەستانەوەی عیسای مەسیح پرسێکی بنەڕەتی و وەک بنەمایەکە لە مەسیحیەتدا. ئەگەر مەسیح هەڵنەستێنرابێتەوە، ئەوسا مزگێنی بێ سوود دەبێت، باوەڕی ئێمەش هیچ سوودی نابێت (یەکەم کۆرنسۆس ١٤:١٥). بەڵام لەو جێیەوە کە هەستانەوەی مەسیح ڕاستییەکی مێژووییە، سەرجەم بانگەشەکانی بۆ ئەوەی کە دەبێت و ئەو کارانەشی کە لەبری ئێمە کردنی دەسەلمێنێ.

*هەستانەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە عیسا کوڕی خودایە.* لە یوحەنا ١٨:٢-١٩ ڕێبەرانی جوولەکە داوا لە عیسا دەکەن کە نیشانەیەک دەربخات کە ئەو دەسەڵاتی لەناوبردنی پەرستگەی خودای هەیە. عیسا لە وەڵامدا بەوانی گوت: "ئەو پەرستگایە برمێنن کە من لە سێ ڕۆژدا سەرلەنوێ بەرزیدەکەمەوە." پولسی نێردراوی خودا لە ڕۆما ٤:١ دەنووسێ کە عیسا "هەروەها بەگوێرەی ڕۆحی پیرۆز و بە هێزی هەستانەوەی لەنێو مردووان عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان بە کوڕی خودا دیاری کرا". ئەوە بەو واتایە نیە کە عیسای مەسیح لە ڕۆژی هەستانەوەدا بوو بە کوڕی خودا، بەڵکوو هەستانەوە پشتڕاستکردنەوەی باوکی ئاسمانی بوو بەو واتایە کە عیسای مەسیح کوڕی هەمیشەیی خودایە.

*هەستانەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە خودا مەرگی عیسای مەسیحی وەک سزای تەواوی گوناهەکانی ئێمە وەرگرتووە.* ڕۆما ٢٥:٤ دەڵێت کە عیسای مەسیح "ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان بە گرتن درا و لە پێناوی بێتاوانکردنمان هەستێنرایەوە." واتای ئەو ئایەتە ئەوەیە کە خودا عیسای مەسیحی لە مەرگ هەستاندەوە چونکە مەرگی ئەو دادپەروەریی خودای گەیاندەجێ و بوو بە گارانتیی لێبووردن لە باوەڕداران و دادپەروەربوون لە هەمبەر خودادا (لە خودا ترسی).

*هەستانەوەی مەسیح شایەتی هەستانەوەی باوەڕدارانە لە داهاتوودا.* عیسا لە یوحەنا ٢٥:١١ دا ڕایگەیاند کە "منم زیندووبوونەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێبهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندو دەبێتەوە " ئەگەر عیسای مەسیح لە گۆڕدا ماباوە، ئەو بەڵێنە بێ بنەما و پووچ دەبوو. دەسەڵاتی ئەو لەسەر مەرگ لە هەستانەوەی خۆیدا دەرکەوت. ئەوە بۆمان دەردەخات کە عیسای مەسیح دەسەڵاتی هەیە کە هەرکەس کە باوەڕی بەو بێ، زیندووی دەکاتەوە. پۆلسی نێردراوی خودا لە سەرەتای کۆرنسۆس ١٤:٦ دەنووسی: "خوداش مەسیحی خاوەن شکۆی هەستاندەوە و بە هێزی خۆی ئێمەش هەڵدەستێنێتەوە".

*هەستانەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جیهان خودا و دادپەروەرێکی هەیە.* پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە عیسای مەسیح تەنیا لە ناو مردووەکانەوە ڕانەبۆتەوە، بەڵکوو خودا ئەوی سەربەرزکرد تا پادشا و دادپەروەری سەرجەم ئەفرێندراوەکانبێت. پترۆسی نێردراو، لە یەکەمین ڕێوڕەسمی ئاینی خۆی لە دوای هەستانەوەی مەسیح بە جولەکەکانی گوت: "بۆیە با هەمووماڵی

ئیسرائیل بە دڵنیایی بزانن، ئەم عیسایەی ئێوە لە خاچتان دا، خودا کردی بە مەسیحی خاوەن شکۆ (کردار ٢:٣٦). پۆلسیش ئەو ڕاستییەی ڕاگەیاند:

لەبەر ئەوە خودا زۆر بەرزی کردەوە و ئەو ناوەی دایێ کە لە سەرووی هەموو ناوێکەوەیە، تاکو بە ڕاگەیاندنی ناوی عیسا هەموو ئەژنۆیەك چۆك دابدەن، لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش. (فیلیپی ٢:٩-١٠)

لە سەردەمانی نەزانیدا خودا چاوپۆشی کردووە، بەڵام ئێستا فەرماندەدات بۆ هەموو کەسێك و لە هەموو شوێنێك کە تۆبە بکەن، چونکە ڕۆژێکی داناوە تێیدا دادپەروەری جیهان سەروەردەبێت، بە پیاوێك کە دیاریی کردووە، بەڵگەشی بە هەمووان داوە کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە. (کردار ١٧:٣٠-٣١)

هەواڵی خۆشی هەستانەوە نیشانماندەدات کە مەسیحیەت تەنیا لیستێک لە یاساکان یان فەلسەفەی ژیان نیە. تەنیا شتێک نیە کە گفتوگۆی لەسەربکرێت و هەڵوێستەی لەسەربکرێت. لە ناو دڵی مەسیحیەتدا، تاکی زیندووی عیسای مەسیح بوونی هەیە. ئەمڕۆ، خودای عیسای مەسیح لە ڕێگای گوتەکانی خوداوە واتا پەرتوکی پیرۆزەوە، قسەتان لەگەڵ دەکات و زۆرێک لە گوناهبارەکان بە هێزی خۆی ڕزگاردەکات. ئایا تا ئێستا ئەوت بینیوە؟ ئایا بە مەرگ و هەستانەوە مەزنەکەی خۆی ئێوەی ڕزگارکردووە؟

## کاری بە ئەنجامگەیشتوی مەسیح

عیسای مەسیح هەر ڕێک پێش مەرگی گوتی "تەواو بوو" (یوحەنا ١٩:٣٠). ئەو گوزارشتە کورتە، ڕاگەیاندنی مەسیح بوو بۆ سەرکەوتن. ئەو بە مەرگی خۆی، تەواوی ئەوەی کە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ پێویست بوو، بەجێیهێنا. داواکارییەکانی دادپەروەریی خودا بەرامبەر بە ئێمەی بەجێگەیاند و تورەیی خودای هێورکردەوە. خودا، دادپەروەرە و مرۆڤە گوناهبارەکانیش دەکاتە کەسانی سەرڕاست (ڕۆما ٣:٢٦). لەسەر خاچی مەسیح، "خۆشەویستی و حەقیقەت بەیەک گەیشتوون؛ دادپەروەری و ئاشتی یەکتریان ماچکردوە" (زەبوورەکان ٨٥:١٠). ئێستا، لێبوردن و بیانوهێنانەوە بۆ هەمومان بەردەستە لە ڕێی باوەڕهێنان بە کەس و بە کارەکانی مەسیحەوە.

کەواتە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین، لە ڕێگەی **عیسای مەسیحی** گەورەمانەوە لەگەڵ خودا ئاشتیمان هەیە.... کەواتە ئێستا تاوانبارکردن بۆ ئەوانە نییە کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا یەکن. (ڕۆما ٥:١؛ ٨:١)

عیساش پێی فەرموو: «منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوك لە ڕێگەی منەوە نەبێت". (یوحەنا ١٤:٦)

بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لەژێر ئاسماندا نییە لەناو خەڵکدا درابێت، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار بین. (کردار ١٢:٤)

چونکە خودا یەکە و یەك ئاشتکەرەوە لەنێوان خودا و مرۆڤدایە، ئەویش عیسای مەسیحی مرۆڤە. (یەکەم تیمۆساوس ٥:٢)

**وەڵامی ئێمە**

بە لەبەرچاوگرتنی کاری خودا لەبری مرۆڤایەتیی گوناهبار، ئێستا دەبێ بپرسین کە وەڵام و کاردانەوەی ئێمە بۆ بەهرەمەندبوون لە ڕزگارییەکی ئەوتۆ مەزن چیە یان دەبێ چ کارێک بکەین تا ڕزگاریمان بۆ بێت؟ پەرتوکی پیرۆز داواکاری دوو شتە لە هەموو مرۆڤەکان: ١) تۆبە لە گوناهەکانی خۆیان بکەن و ٢) متمانە بە خودی مەسیح و کارەکەی بکەن:

عیسای مەسیح دەیفەرموو: "کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیك بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن" (مەرقۆس ١٥:١)

پولسی نێردراوی خودا "شایەتی ئەوەم داوە لای جولەکە و یۆنانییەکان کە دەبێت تۆبە بکەن و بۆ لای خودا بگەڕێنەوە و باوەڕ بە عیسای خاوەن شکۆمان بهێنن". (کردار ٢١:٢٠)

***تۆبەکردن***

تۆبەکردن دیاریی خودایە (کردار ١٨:١١) و کاری ڕوحی پیرۆزە لە دڵی گوناهباردا کە ئەنجامەکەی گۆڕینی بیرە (یەکەم سالۆنیکی ١:٥، ٩). تا کاتێک تێنەگەین کە دڵ ئاماژەیە بە ناوەندی کۆنترۆڵی ژیری، توانست و سۆزەکانمان، لەوانەیە ئەو بابەتە بە شتێکی ڕووکەش بێتە بەرچاومان. هەر لەبەر ئەمەشە گۆڕانی بیر، هەمیشە بە گۆڕان لە ڕوانگەکان و کردارمان دەسەلمێندرێت.

نموونەیەکی هەرە باش لە تۆبەکردن دەتوانین لە شائولی تەرسوودی ببینین کە دواتر بە ناوی پۆلس ناسرا. ئەو لە نەزانی و بێباوەڕیدا بیری دەکردەوە کە عیسای ناسری شتێک زیاتر لە فێڵبازێک و کافرێک نەبوو و کەسانێک کە پەیڕەوییان لەو دەکرد، دوژمنانی خودان و شایانی مەرگ بوون (کردار ١:٩ -٢، یەکەم تیمۆساوس ١٣:١). بەڵام ئەو لە ڕێگای دیمشق لەگەڵ مەسیح کە هەڵسابۆوە، ڕووبەڕوو بوو (کردار ٣:٩ -٨) وە بۆیدەرکەوت کە ئەو سەبارەت بە مەسیح بەهەڵەداچووە. ئەو وایدەزانی کە عیسا کفردەکات بەڵام تەنها ئەوکاتە تێگەیشت کە ئەو کوڕی خودایە، مەسیحی مزگێنی دراو و ڕزگارکەری هەموو جیهانە. ئەو وایدەزانی کە خوداترسی لە ڕێگای پەیڕەویکردن لە یاساوە بەدەستدێت بەڵام تێگەیشت کە هیچ باشییەک لەودا بوونی نەبووە (ڕۆما ١٨:٧) و ڕزگاربوون دیاریی خودایە (ئەفەسۆس ٢:٨-٩). ئەو پێشتر وایدەزانی کە قوتابییەکانی مەسیح دوژمنی

ئیسرائیلن و شایانی ژیان نین (کردار ١:٨)، بەڵام تێگەیشت کە ئەو بووە کە ئیسرائیلی ئازارداوە (گەلاتیا ١٦:٦) و کوڕ و کچەکانی خودای زیندووی بەرەو مەرگ بردووە (ڕۆما ١٤:٨-١٥).

شائولی تەرسووسی فریسیی لەخۆبایی، کەسێک کە خۆی بە سەرڕاست دەزانی، بەیەک چاوپێکەوتن لەگەڵ عیسای مەسیح لە هەڵەی خۆی تێگەیشت. ئەو تۆبەدەکا و هەر دەستبەجێ لە کەنیسە ڕایدەگەیەنێ کە "ئەو کوڕی خودایە" (کردار ١٨:٩-٢٢). ئەو هەواڵە لە سەرانسەری یەهودیە دەنگی دایەوە کە "ئەوەی جاران ئێمەی دەچەوساندەوە، ئێستا مژدەی ئەو باوەڕە دەدات، کە جاران لەناوی دەبرد" (گەلاتیا ٢٢:١-٢٣). گۆڕانی بیروڕای پۆلس بوو بە هۆی گۆڕان لە هەموو شتێکی تردا!

*گۆڕین لە بیرکردنەوەماندا:* تۆبەکردن گۆڕان لە بیرکدنەوەدا لەخۆدەگرێت کە سەردەکێشێت بەرەو پێزانینی ئەوەی کە خودا دەیڵێت ڕاستە و ئێمەش هەڵەبووین.

چونکە من یاخیبوونم دەزانم،

هەمیشە گوناهم لەبەردەممە

لە دژی ئێوە، تەنها ئێوە، گوناهم کرد،

لەبەرچاوی ئێوە خراپەم کرد،

تاکو لە بڕیارەکانت ڕاست بیت،

دادپەروەر بیت لە حوکمەکانت. (زەبوورەکان ٣:٥١-٤)

نزام بۆ یەزدانی پەروەردگارم کرد و دانم پێدا نا: " ئەی پەروەردگار، خودای مەزن و سامناك، ئەی ئەوەی پەیمانی خۆشەویستییەکەت دەبەیتەسەر بۆ ئەوانەی کە ئێوەیان خۆشدەوێت و فەرمانەکانت بەجێدەگەیەنن، گوناهمان کرد و تاوانمان کرد، خراپەمان کرد و یاخی بووین، لە فەرمانەکان و یاساکانی ئێوە لاماندا". (دانیال ٤:٩-٥)

*گۆڕان لە سۆزەکانماندا:* دانپێدانانی ڕاستەقینە بە گوناهەکانمان، دەبێتە هۆی پەژارەی گەورە، شەرم و تەنانەت ڕقیش لەوەی کە هەین وە ئەوەش کە کردومانە. بە شەرم و پەشیمانبوونەوەیەکی قوڵەوە دەستدەکەین بە خۆبەکەمزانین لەبەرامبەر ئەو گوناهەی سەردەمانێک هۆگری بوین.

لەوێ ڕەفتاری خۆتان و هەموو کردەوەکانتان کە پێی گڵاو ببوون دێتەوە یادتان، لەبەر هەموو ئەو خراپانەی کە ئەنجامتان داوە قێز لە خۆتان دەکەنەوە. (حزقییێل ٤٣:٢٠)

لەدوای گومڕابوونم،

پەشیمان بوومەوە،

لەدوای تێگەیشتنم،

لە سنگی خۆمم دا.

شەرمەزار بووم و گاڵتەم پێ کرا،

چونکە ڕیسوایی کاتی مێردمنداڵیم بە کۆڵمەوە بوو. (یەرمیا ١٩:٣١)

ئیتر نازانم چیدەکەم، چونکە ئەوەی دەمەوێت نایکەم، بەڵکو ئەوەی ڕقم لێیەتی ئەوە دەکەم... ئای لە منی مرۆڤی بەدبەخت! کێ فریای ئەم جەستەیەم دەکەوێت کە دەبێت بمرێت؟ (ڕۆما ٧:١٥، ٢٤)

بەڵام ئێستا دڵشادم، نەك لەبەر ئەوەی خەمبار بوون، بەڵكو لەبەر ئەوەی خەمباریتان ئێوەی بۆ تۆبەكردن برد. بێگومان بەگوێرەی ویستی خودا خەمبار بوون، تاكو بەهۆی ئێمەوە هیچ زیانێك نەكەن. (دووەم كۆرنسۆس ٧:٩)

قوربانییەکان بۆ خودا ڕۆحی شکاوە، ئەی خودایە، ئێوە بە سووکییەوە تەماشای دڵی شکاو و وردوخاشکراو ناکەیت. (زەبوورەکان ٥١:١٧)

***گۆڕان لە کردارماندا*:** بانگەشەی ئێمە لەسەر ئەوەی کە بیرمان گۆڕاوە و گوتنی هەستەکانمان بە دژی گوناه، نیشانەی یەکجارەکیی تۆبەی ڕاستەقینە نیە. تۆبەکردنی ڕاستەقینە هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانی ئیرادە کە کرداری دروستی لێدەکەوێتەوە بەتایبەت دووری لە گوناه و گەڕانەوە بۆ لای خودا و گوێڕایەڵی و پەیڕەویلێکردنی.

با بەرهەمێکتان هەبێت لە تۆبەکردن بوەشێتەوە. (مەتا ٣:٨)

تۆبەبکەن و بۆ خودا بگەڕێنەوە، کردارێك بکەن لە تۆبەکردن بوەشێتەوە. (کردار ٢٦:٢٠)

چونکە خۆیان باسمان دەکەن کە پێشوازیتان لە ئێمە چۆن بووە و چۆن لە بتپەرستییەوە گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا، تاکو خودای زیندوو و ڕاست بپەرستن و چاوەڕێی کوڕەکەی بکەن لە ئاسمان، ئەوەی لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە، مەبەست لە عیسایە، ئەوەی لە تووڕەیی داهاتووی خودا دەربازمان دەکات. (یەکەم سالۆنیکی ١:٩-١٠)

*خۆتاقیکردنەوە: ئێوە تۆبەدەکەن؟*

ئێمە فێربووین کە بۆ خۆپاراستن دەبێت تۆبەبکەین. ئێستا، پرسیارێک کە دەبێ وڵامبدرێتەوە، شەخسییە: ئایا ئێوە تۆبەتانکردووە؟ ئایا خەریکی تۆبەکردنن؟ ئەو پرسیارە شیکارییانەی خوارەوە یارمەتیتان دەدەن تا لەوە تێبگەن کە ئایا تۆبەی ڕاستەقینە لە ژیانتاندا واقیعێکە یان نا.

١- ئایا ئێستا ئێوە بەشێوەیەکی تر بیر لە خودا دەکەنەوە؟ ئایا دەزانی کە خودا نەک ئێوە، دەبێت ناوەند و چەقی هەموو کارەکان بێت؟ ئایا بەهۆی بێئاگابوون لە خودا، بەداخن؟ ئایا دەستتانکردووە بەوەی نرخی خودا بناسن؟ ئایا ئارەزوی ئەوە دەکەن بە دوای خودادا بگەڕێن و بیناسن؟

٢- ئایا ئێستا ئێوە بەشێوەیەکی تر بیر لە گوناە دەکەنەوە؟ ئەوە دەبینن کە گوناه بێڕێزیەکی قێزەون و مەترسیدارە لە بەرامبەر خودا؟ هەست بە پەشیمانی و شەرمدەکەن لە گوناهتان؟ ئایا دەتانەوێ لە مەحکومبوون و ژێردەستەیی گوناە ڕزگارتانبێت؟ ئایا بریارتانداوە کە دانبە گوناهی خۆتاندا بنێن و بۆ وەرگرتنی لێبووردن ڕوو لەلای خودا بکەن؟

٣- ئایا ئێستا ئێوە بەشێوەیەکی تر بیر لە ڕێگای ڕزگاربوون دەکەنەوە؟ ئایا بە تەواوی لەگەڵ ئەوە هاوڕان کە ناتوانن بە کاری چاکەی خۆتان بگەڕێنەوە لای خودا بەڵکوو تەنیا لە ڕێگای عیسای مەسیح و کاری ئەوەوە دەتوانن بچنەلای خودا؟ ئایا پشتڕاستی دەکەنەوە کە باشترین کرداری ئێوە لە هەمبەر خودا وەک جلکی پیس وان و ئایا لە دادپەروەریی خۆتان هیوابڕاوبوون؟

ئەگەر دەتوانن ئەم پرسیارانە ساغبکەنەوە و وە ئەم شتانەش کۆمەڵە واقیعێکی پەرەسەندون لە ژیانتاندا، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە خودا لەگەڵتاندایە و کاریشی تیادادەکات، بیرتان ڕوناکدەکاتەوە تا ڕاستی ببینن و تۆبەکردنتان بۆ مسۆگەردەکات بەرەو ڕزگاربوون.

ئەگەریش ناتوانن ئەم پرسیارانە ساغبکەنەوە بەڵام خوازیاری ڕزگاربوونن، دەبێت بەردەوامبن لە گەڕان بەدوای خودادا لە گوتەکانیدا و لە نوێژکردن و دوعاکردندا. بەو ئایەتانەی کتێبی پیرۆزدا بچنەوە کە شیمانکردەوە و ژیانتان لەبەر ڕۆشناییاندا تاقیبکەنەوە. بەردەوام پەنابەرن بۆ خودا و لە گوتەکانیدا بەدوایدا بگەڕێن هەتا ئەو گۆڕانێک لە دڵتاندا بەدیدەهێنێت.

**باوەڕ**

بە تۆبەکردن، باوەڕی ڕزگاریدەر دێتە ناو ژیانی ئێمەوە. باوەڕ زیاترە لە باوەڕبوون بە هەبوونی خودا؛ هەروەها متمانە، بڕواپێبوون و پشتبەستن بە کارەکتەری ئەو و ڕاستی گوتەکانی لەخۆدەگرێت. پەرتوکی پیرۆز ڕایدەگەیەنێت، "ئێوە باوەڕتان هەیە کە یەك خودا هەیە، چاك دەکەیت. تەنانەت ڕۆحە پیسەکانیش باوەڕ دەکەن و دەلەرزن" (یاقوب ٢:١٩). خەڵکانێک کە باوەڕی ڕاستەقینەیان هەیە تەنیا لەسەر ئەو باوەڕە نین کە خودایەک هەیە بەڵکو متمانەیان بە هەموو ئەو گوتانە هەیە کە گوتویەتی و پشتیپێدەبەستن.

***باوەڕ پێناسەکراوە***

پەرتوکی پیرۆز باوەڕ بەم شێوەیە پێناسەدەکات: "باوەڕ دڵنیاییە بەوەی هیوامان پێیەتی، بێگومانییە لەوەی نایبینین،" (عیبرانییەکان ١١:١). ئەو باسە ئێمە بەرەو پرسیارێکی فرە گرنگ

دەبات: چۆن کەسێکی دانا دەتوانێ متمانەی بەو شتە هەبێ کە هیوای پێیەتی یان باوەڕی پتەوی هەبێ کە ئەو شتەی هەرگیز نەیبینیوە، بەڕاستی بوونی هەیە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە لە کارەکتەری خودا، لە جێمتمانەبوون بە کتێبی پیرۆز و لە خزمەتی ڕوحی پیرۆزدا دۆزراوەتەوە. ئێمە دەتوانین دڵنیابکرێینەوە لە لێخۆشبوونمان لە گوناە، ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودا و هیوا بە ژیانی نەمری چونکە خودا بەڵێنی هەمو ئەمانەی لە پەرتوکی پیرۆزدا پێداوین (تیئێوەس ١:٢-٣) و ڕوحی خودا لە دڵی ئێمەدا شایەتیدەدا کە ئەوانە ڕاستن (یوحەنا ١٣:١٦: ڕۆما ٨:١٤ -١٦: گەلاتیا ٤:٦ : یەکەم یوحەنا ٢:٢٠، ٢٧).

*باوەڕی پتەو و کۆکراوە*

باوەڕی ڕزگارکەر بەتایبەتی پێکدێت لەو متمانەیەی کە مەسیح ڕزگارکەری ئێمەیە، و وە تەنها دادپەروەری ئێمەیە لەلای خودا. یەکێک لە بەرزترین بەڵگەکانی تۆبەکردنی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئێمە نەک تەنیا خۆمان بەدوردەگرین لە گوناە، بەڵکوو پشتدەکەین لەوەی کە متمانە بە باشییەکان، ئەخلاق یان کارە باشەکانمان بکەین، یان ئەوەتا کاردەکەین بۆ بەدەستهێنانی سەربڵندی لەبەرامبەر خودادا. ئێمە تێدەگەین کە تەواوی کارە باشەکان و لەخوداترسیی ئێمە لە هەمبەرخودا وەک پەڕۆیەکی پیس وایە (ئیشایا ٦٤:٦)، و وە بێ ئەملاوئەولا ئەوانە ڕەتدەکەینەوە کە ئامرازگەلی گەیشتن بە ڕزگاربوون بن. ئێمە دەزانین کە ئەگەر بتوانین لەگەڵ خودا پێکبێینەوە، بەهۆی کرداری ئێمەوە نیە بەڵکوو لە ئەنجامی کاری گەورەی ئەو بۆ ئێمەیە لە ڕێی عیسای مەسیحەوە. ئێمە بەتەواوی لەگەڵ ئەو ئایەتانەی خوارەوە لە پەرتوکی پیرۆزدا هاوڕاین:

دەزانین مرۆڤ بە کارکردن بە شەریعەت بێتاوان ناکرێ، بەڵکو بە باوەڕ بە عیسای مەسیح. جا ئێمە باوەڕمان بە عیسای مەسیح هێنا تاکو بە باوەڕ بە مەسیح بێتاوان بکرێین، ئەمەش نەك بە کارکردن بە شەریعەت، چونکە لە ڕێی کارکردن بە شەریعەت کەس بێتاوان ناکرێت. (گەلاتیا ١٦:٢)

ئەوەی کار دەکات، کرێیەکەی مافی خۆیەتی و بەخشینێکی ناشایستە نییە بەڵام ئەوەی کار ناکات، بەڵکو باوەڕی بەوە هەیە کە خودا گوناهبار بێتاوان دەکات، ئەوا باوەڕەکەی بە ڕاستودروستی بۆ دادەنرێت. (ڕۆما ٤:٤-٥)

لەبەر ئەوەی بە نیعمەت ڕزگارتان بوو لە ڕێگەی باوەڕەوە، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، بە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات. (ئەفەسۆس ٢:٨-٩)

*باوەڕ ڕونكراوەتەوە/ نیشاندراوە*

كاتێك كە ئیبراهیم و سارای هاوسەری تەمەنیان زۆر لەوە دورتربوو كە بتوانن منداڵبخەنەوە، خودا بەڵێنی كوڕێكی پێدان. لە كاردانەوەی ئەو بەڵێنەدا، پەرتوكی پیرۆز ڕایدەگەیەنێ كە ئیبراهیم "دڵنیابوو كە خودا توانای هەیە بەڵێنی خۆی بباتەسەر" (ڕۆما ٤:٢١). ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا (ڕۆما ٤:٣).

باوەڕی مەزن بەپێی كتێبی پیرۆز، باوەڕبوون و وە پشتبەستن بەوەی كە خودا سەبارەت بە خۆی و بە ئێمەش دەریخستوە، دەگرێتەوە و هەروەها سەبارەت بە كاریشی سەبارەت بە ڕزگاربوون لەڕێی ژیان و مەرگ و هەستانەوەی عیسای مەسیحەوە. باوەڕكردن واتا دڵنیابوونەوەی تەواو لەوەی كە ئەوەی خودا لەڕێی عیسای مەسیحەوە بەڵێنی دابوو، ئەو بەڕاستی دەیەوێت و وە لەتواناشیدایە كە بەجێیانبگەیەنێت. ئەم ئایەتانەی خوارەوە خستنەڕویەكی باشی بەڵێنەكانی خودان.

لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست، تەنانەت كوڕە تاقانەكەی بەختكرد، تاكو هەركەسێك باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵكو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت. (یوحەنا ٣:١٦)

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێكرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێدان ببنە ڕۆڵەی خودا. (یوحەنا ١:١٢)

[عیسا گوتی] "ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەكەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوكم نادرێت، بەڵكو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە." (یوحەنا ٥:٢٤)

*خۆت تاقیبكەرەوە: ئێوە لەوەدان باوەڕبهێنن؟*

ئێمە دەبێ باوەڕمان بە عیسای مەسیح هەبێت تا بە ڕزگاری بگەین. ئێستا، پرسیارێك كە دەبێت وەڵامبدرێتەوە پرسیارێكی كەسییە: ئایا باوەڕتان هێناوە؟ ئایا خەریكن باوەڕ بە خودی عیسای مەسیح و كارەكانی دەكەن و پشتیپێدەبەستن؟ ئەم پرسیارە شیكاریانەی خوارەوە یارمەتیتاندەدن لەدەرخستنی ئەوەی كە ئاخۆ باوەڕی مەزن واقیعێكە لە ژیانتاندا.

١- ئایا قەناعەتتان هەیە كە ڕزگاری جگە لە ناوی مەسیحدا لەهیچ ناوێكی تردا نادۆزرێتەوە؟ ئایا قەناعەتتان هێناوە كە هەمو بانگەشەكانی بەناو پێغەمبەر و ڕزگاریدەرەكانی تر چەوتن؟ ئایا خۆشگوزەرانی هەمیشەیی خۆتان لە متمانەبوون بە هێز و وەفاداری بە یەك كەس كە ئەویش عیسای ناسریە دەزانن؟

٢- ئایا قەناعەت دەكەن بەوەی كە ڕزگاری ئەنجامی لێهاتوویی یان لەخوداترسیی خۆتان نیە؟ ئایا قەناعەتتان هەیە كە خۆپارێزترینی ئێوە لە هەمبەر خودا وەك پەڕۆیەكی پیس وایە؟ ئایا قەناعەتتان هێناوە كە ڕزگاری لەڕێی كردارەوە بەگشتی نائومێدە؟

٣- ئایا متمانەی تەواوتان بە کوڕی خودا هەیە تا ئێوە لە گوناهەکانتان ڕزگاربکات؟ ئایا پشتان بەو دەبەستن کە ڕاستیتان لە ئینجیلەوە فێربکات، بە خوێنی خۆی ئێوە لە گوناهەکانتان پاکبکاتەوە و دڵی ئێوە بکات بە ڕوحی خۆی؟

ئەگەر وەڵامی ئێوە بۆ ئەو پرسیارانە ئەرێنییە واتا خودا کاری لە دڵتان کردووە و دەکات. ئەو بیری ئێوەی ڕۆشنکردۆتەوە تا ڕاستی ببینن و بڕواتان بە ڕزگاربوون هەبێت.

ئەگەریش نەتانتوانیوە وەڵامی ئەرێنی بەو پرسیارانە بدەنەوە بەڵام بەدوای ڕێگای ڕزگاربووندا دەگەڕێن، کەواتە لە ناو وتەکانیدا و لە دوعادا بەدوای خودادا بگەڕێن. ئەو بەڵێنانەی کە خوێندووتانەتەوە سەرلەنوێ بیخوێننەوە و ژیانی خۆتان لە سێبەری ئەواندا بخەنەبەر تاقیکاری. بانگی خودا بکەن تا دەستەڵاتتان بشکێت بەسەر بێباوەڕیتاندا و بە ڕزگاری بگەن. پەرتوکی پیرۆز بەڵێندەدات کە "هەرکەسێك بە ناوی یەزدانەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت" (ڕۆما ١٣:١٠). لە وتەکانیدا بۆ ئەو بگەڕێن تا ڕوحی خودا ئەو متمانەیە بە ئێوە بدات کە منداڵی خودان.

ڕۆحی پیرۆز خۆی شایەتی بۆ ڕۆحمان دەدات کە منداڵی خوداین. (ڕۆما ١٦:٨)

لەبەر ئەوەی ئێوە ڕۆڵەی خودان، خودا ڕۆحی کوڕەکەی خۆی ناردە دڵتانەوە، بە هاوارەوە دەیفەرموو: «بابە! باوکە ! (گەلاتیا ٦:٤)

## دڵنیابوون لە ڕزگاربوون

عیسای مەسیح هۆشداریمان پێدەدات کە مەرج نیە هەر کەس بانگەشەی ئەوە بکات کە مەسیحیە یان دانبەهەبوونی خودا بنێت، حەتمەن دەچێتە ناو شانشینی ئاسمانەوە (مەتا ٢١:٧). لە ڕۆژی حسابدا، زۆر کەس دەتۆقێن کاتێک دەزانن فریویان خواردووە و عیسای مەسیح هەرگیز نەیناسیون (مەتا ٢٣:٧). ئەو ڕاستییە دڵتەزێنە ئێمە بەرەو دوو پرسیاری گرنگ پەلکێشدەکات: چۆن دەتوانین بزانین کە بەڕاستی باوەڕمان هێناوە و ژیانی نەمریمان هەیە؟

قوتابییە ڕاستەقینەکانی عیسای مەسیح بە بەروبومیاندا دەناسرێنەوە (مەتا ١٦:٧، ١٩). بە واتایەکی تر، ئەوان شایەتگەلی باوەڕێکی مەزنی بەدواداگەڕاون. ڕزگاربوون، ئەنجامی کردار نیە بەڵکو کردار، شایەتیی ڕزگاربوونە. یاعقووب دەنووسێت: "نیشانمبدە باوەڕت چۆن بێ کردار دەبێت، ئەوسا منیش بە کردارەکانم نیشانت دەدەم باوەڕم چۆنە... باوەڕ بێ کردار مردووە." (یاقوب، ١٨:٢ ، ٢٦).

ڕزگاری دەرئەنجامی کارێکی بان-سروشت و سەرلەنوێ ئەفراندنانەی خودایە لە دڵی ڕوحی پیرۆزدا. هەر لەبەر ئەمەشە پۆلسی نێردراو دەنووسێت: "کەواتە ئەگەر هەرکەسێك لەگەڵ مەسیحدا یەکبگرێت، دەبێت بە بەدیهێنراوێکی نوێ، شتە کۆنەکان بەسەرچوون و شتی نوێ هات" (دووەم کۆرنسۆس ١٧:٥). ئەگەر بەڕاستی بڕوامان بە مەسیح هەبوایە، کەواتە خولقێنراوێکی نوێین

و حەزێکی نوێمان هەیە کە ئێمە بۆ ناسینی خودا و ڕازیکردنی ئەو هاندەدات. هەر بۆیەش، ئێمە دەستپێدەکەین کە بە جۆرێک بژین کە کاری ڕزگاریی خودا بە ڕادەیەکی زۆر لە ئێمەدا ڕەنگبداتەوە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ڕزگاری بە باوەڕ و کردارە یان ئێمە دەبێ بەو کارانەی کە دەیکەین ڕزگاریی خۆمان بپارێزین. بەڵکو بە سانایی بەو واتایەیە کە لەدایکبوونی نوێ (یوحەنا ٣:٣، ٥) و کاری بەردەوامی خودا لە ژیانی ئێمەدا (ئەفەسۆس ٢:١٠، فیلیپی ١:٦، ٢:١٣) ئەوە دڵنیادەکاتەوە کە ئێمە کاردانەوەی ئەو بەڵگانەین کە دەیسەلمێنن ئێمە منداڵی خوداین. ئێمە وەک مەسیحی، بێنەوبەرەیەکی گەورەمان لەگەڵ گوناە دەبێت و لەوانەشە بۆ ماوەیەکیش بکەوینە گوناهێکی بەئازارەوە. بەڵام ئەگەر بەڕاستی لە نوێوە لەدایکبووبینەوە، لەو دۆخەدا نامێنینەوە بەڵکوو تۆبەدەکەین و هاوشێوەی مەسیح گەشەدەکەین. ئەوە دڵنیاییەکە چۆن خودایەک کە کارێکی چاکی لە ئێمەدا دەستپێکردووە، دەیگەیێنێتە لوتکە (فیلیپی ١:٦).

*بەڵگەکانی گۆڕینی باوەڕ*

پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە مەسیحیەکان دەبێ خۆیان تاقیبکەنەوە تا ببینن ئایا باوەڕیان هەیە یان نا (دووەم کۆرنسۆس ١٣:٥). بۆ ئەوەی ئەم خۆتاقیکردنەوەیەش دەقیقبێت، دەبێت ستانداردێکی دروستمان هەبێت. ئاقڵانە نیە کە خۆمان بە پێی بۆچونەکانی خۆمان و خەڵکانی تر دادپەروەری بکەین. وشەی خودا تەنیا ستانداردی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەسەنبوونی باوەڕی ئێمە تا گەشە بە دڵنیابوون لە ڕزگاربوونمان بدەین. یەک کتێب لە پەرتوکی پیرۆزدا بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەو ئامانجە نووسراوە ئەویش یوحەنای یەکەمە. یوحەنا دەنووسێ، "ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی هەتاهەتاییتان هەیە" (یەکەم یوحەنا ٥:١٣).

یەکەم یوحەنا تایبەتمەندیگەلێکی یەکجار زۆر دەخاتە بەرباس کە دەتوانین تا ئاستێک لە ژیانی هەر مەسیحیەکی ڕاستەقینەدا ببینینەوە. تا ئاستێک کە ئەو تایبەتمەندییانە لە ژیانی ئێمەدا خۆ بنوێنن، دەتوانین ئەو دڵنیاییەمان هەبێ کە بەڕاستی عیسای مەسیحمان ناسیوە و لەگەڵ هێزی ئەو خەریکین دەگۆڕێین. ئەم نیشانانەی گۆڕینێکی نایاب لەم دەستەواژانەی خوارەوەدا پوختکراونەتەوە. ئێمە بەباشی لەبەر ڕۆشناییان بە وردی و بە نزاوە خۆمان تاقیدەکەینەوە.

١- مەسیحیەکان لە تیشکدا هەنگاودەهاوێن (یەکەم یوحەنا ١:٥-٧). کەسایەتی و ڕەفتاری مەسیحیەکان بەشێوەیەکی گەشەسەندو وە هێواش هێواش پێکدێتەوە لەگەڵ ویستی خودادا بەو شێوەیەی لە پەرتوکی پیرۆزدا بۆ ئێمەی دەرخستووە.

٢- مەسیحیەکان بەو گوناهەی کە لە ژیانیاندا هەیە هەستیارن و دانپیادا دەنێن (یەکەم یوحەنا ١:٨-١٠). مەسیحیەکان لە گوناه بە دوورن بەڵکوو ڕقیشیان لە گوناهە و لەگەڵی لە شەڕدان. ژیانی ئەوان بە تۆبەکردن، دانپیادانان و سەرکەوتنی پلەبەپلە دەردەکەوێت.

٣- مەسیحیەکان چاو لە فەرمانەکانی خودادەکەن (یەکەم یوحەنا ٢:٣-٤). ئەوان دادپەروەری پیادەدەکەن (یەکەم یوحەنا ٢:٢٩ ، ٣:٧، ١٠) و گوناه ناکەن بە شێوازی ژیانی خۆیان و ڕادەستی نابن (یەکەم یوحەنا ٣:٤، ٦، ٨-٩). ژیانی مەسیحیەکان بەوە دەناسرێتەوە کە چەختدەکەنەوە لە ویستی خودا و دانپیادانان و تۆبەی خۆدورنەخستنەوە لە بنەماکانی خودا. ئەمەش مانای ئەوە نیە کە مەسیحیەکان توانای ملکەچی ڕەهایان بۆ فەرمانەکانی خودا هەیە. بەڵکو مانای ئەوە دەگەیەنێت کە شیوازی ژیانیان ڕەنگدانەوەی پێزانینێکی نوێ و بەبرەوە بۆ فەرمانەکانی خودا و وە تەبابونێکی گەشەسەندو یان گوێڕایەڵی بۆیان.

٤- مەسیحیەکان خەریکن تا بەو جۆرە ڕەفتار بکەن کە عیسای مەسیح دەجووڵایەوە (یەکەم یوحەنا ٢:٦). ئاواتی هەرە بەرزی قوتابییە ڕاستەقینەکانی ئەوەیە کە وەک مامۆستاکەیان بن (مەتا ١٠:٢٥). ئەوان حەزیان لێیە کە لەهەموو شتدا ڕێچکە لە مەسیح وەربگرن (یەکەم کۆرنسۆس ١١:١، ئەفەسۆس ٥:١). لە دەرئەنجامدا، مەسیحیەکان حەزنەکردنێکی پەرەسەندویان هەیە لە لاسایکردنەوەی ئەم جیهانە شکستخواردوەدا یان خۆشحاڵبن بە کەوتنی ئەم جیهانە.

٥- مەسیحیەکان یەکتریان خۆشدەوێت، ئەوان حەزیان بە بەشداری و خزمەت مەسیحیەکانی تر لە کارە کردەییەکاندا هەیە (یەکەم یوحەنا ٢:٩-١١). ئەوە یەکێک لە بەڵگە گەورەکانی ڕزگارییە (مەتا ٢٥:٣٤-٤٠: یەکەم یوحەنا ٣:١٤-١٨).

٦- هەستی نامەزرۆنەبوونی مەسیحیەکان بە جیهان و ڕەتکردنەوەی تادێت زێدەدەبێت (یەکەم یوحەنا ٢:١٥-١٧). "جیهان" ئاماژە بە هزرەکان، ڕوانگەکان و کرداری سەردەمی داڕماوە کە بەپێچەوانەی چییەتی و ئیرادەی خودایە.

٧- مەسیحیەکان درێژەدەدەن بەو پەروەردە کردارە ئیمانیانە کە یەکجار و بۆ هەمیشە لە ڕێگای مەسیح و کەسە هەڵبژێردراوەکانییەوە بە کڵێسا سپێردراوە. (یەکەم یوحەنا ٢:١٩، ٢٤: یەحوزا ٣). مەسیحیەکان لە وتەکانی خوداوە فێرکراون (یەرمیا ٣١:٣٤: یوحەنا ٦:٤٥) و لەگەڵ هەر بایەک کە لە مەزهەبی هەڵەوە دێت هەڵناکەن (ئەفەسۆس ٤:١٤).

٨- مەسیحیەکان خۆیان پاکدەکەنەوە (یەکەم یوحەنا ٣:٣). ئەوان بەدوای ئەوەوەن کە لە پاکیدا کە هەمان پاکیی ئەخلاقییە، گەشەبکەن (دووەەم کۆرنسۆس ٧:١، یەکەم تیمۆساوس ٤:٧، یەکەم پترۆس ١:١٥-١٦). ئەو پاکییە بەتەنها دووری لە خراپە لە خۆناگرێ بەڵکوو نزیک بوونەوە لە خودا و پێداگری لەسەر ئەو شتەی کە چاکەخوازیشە لەخۆدەگرێت.

٩- مەسیحیەکان بڕوایان وایە و دانبەوەدادەنێن کە عیسا هەمان مەسیح، کوڕی خودا و ڕزگارکەری جیهانە (یەکەم یوحەنا ٢:٢٢-٢٣، ٤:٢، ١٣-١٥). تەنیا هیوای ڕزگاریی مەسیحیەکان لە عیسای

مەسیح و کاری ئەو دایە. ئەوان بە شایەتی ژیانێکی هەتاهەتایی کە خودا لە ڕێگای کوڕەکەیەوە، عیسای مەسیح، بەوانی بەخشیوە، باوەڕیان هەیە (یەکەم یوحەنا ٥:١٠-١٢).

١٠- مەسیحیەکان بابەتی خۆشەویستی و دیسپلینی باوانەی خودان (عبرانیان ١٢:٥-١١). خودا ڕێگەنادات کە منداڵەکانی لە بێ فەرمانی و نابالغبووندا درێژەبدەن بە ژیان، بەڵکوو ئەوان دیسپلیندەکات تا لە پاکیی ئەودا بەشداربن و بەروبومی دادپەروەری لەخۆبگرن. ئەوە یەکێک لە نیشانە یان تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی باوەڕهێنانی ڕاستەقینەیە.

*سودەکانی ڕزگاری*

هەرچەند ئێمە ناتوانین بەشیاوی، سودەکانی ڕزگاری لە نامیلکەیەکدا بخەینەبەردەست بەڵام بۆمان بەکەڵکە کە بە چەند دانەیەک لەوانەدا بچینەوە . یەکەم: مەسیحیەکان نوێکراونەتەوە. پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە تەواوی خەڵک بە ڕوحی مردووەوە لەدایکبوون و نایانەوێت بە خۆشەویستی و گوێڕایەڵییەوە وەڵامی خودا بدەنەوە (ڕۆما ٨:٧، ئەفەسۆس ٢:١). ئەوانەی کە باوەڕیان بە عیسای مەسیح هەیە نوێکراونەتەوە (تیئێوەس ٣:٥) یان لە ڕووی ڕوحانییەوە ژیانیان بەبەرداکراوەتەوە (ئەفەسۆس ٢:٥) تا لە ژیانێکی نوێدا هەنگاوبنێن (ڕۆما ٦:٤).کەسی خاوەنباوەڕ بوونەوەرێکی نوێیە بە دڵێکی نوێوە کە خۆشیی ئەو لە خوداوەیە و دەیەوێت خودا لە خۆی ڕازیبکات (حزقیێل ٣٦:٢٦-٢٧: دووەم کۆرنسۆس ٥:١٧: یەکەم یوحەنا ٥:٣). ئەوە واتای ڕاستەقینەی دەستەواژەی "لەدایکبوونەوە"یە (یەکەم یوحەنا ٣:٣ هەروەها چاو بکەن لە یوحەنا ٣:٥، یەکەم یوحەنا ٥:١). نەتەنیا بۆچوونەکانی ئێمە گۆڕاوە، بەڵکوو خودا خودی ئێمەشی گۆڕیوە.

دووهەم: کەسی مەسیحی لەبەرامبەر خودا ڕێکخراوەتەوە (ڕۆما ٥:١). ئەوە بەو واتایەیە کە نە تەنیا لە گوناهەکانی ڕابردو، ئێستا و داهاتوومان خۆشبووە، بەڵکوو ژیانی تەواو و پارێزگارانەی عیسای مەسیحی بۆ ئێمە داناوە. هەرچەند ئێمە هێشتاش لەگەڵ گوناهەکان لە مشتومڕداین و زۆر جاران شکستمانخواردووە بەڵام خودا شەرعەن ئێمەی لە لای خۆی بە لەخوداترس و پاک ڕاگەیاندووە و بەو شێوەیە لەگەڵماندا دەجووڵێتەوە (ڕۆما ٨:٣٣-٤٤، دووەم کۆرنسۆس ٥:٢١).

سێهەم: مەسیحی وەک منداڵی خودا وەرگیراوە. خودایی ئەفرێنەر، دەسەڵاتدار و دادپەروەری تەواوی مرۆڤەکانە، بۆ ئێمە کە باوەڕمان پێیهێناوە، ئەو باوکیشە (گەلاتیا ٤:٥، ئەفەسۆس ١:٥). ئێمە لە ڕێگای باوەڕهێنان بە مەسیح، هاتووینەتە ناو بنەماڵەی خودا و لە سەرجەم سود و باشییەکانی منداڵی خودا بوون، چێژوەردەگرین (یوحەنا ١:١٢). لەوانەیە ئەو بابەتە سەیر بێتە بەرچاو، بەڵام خودا هەروەک کوڕی خۆی خۆشدەوی، ئێمەشی خۆشدەوێ (یوحەنا ١٧:٢٣) و ڕوحی پیرۆز گارانتیی سامانی داهاتوومان دەدا بە ئێمە (ڕۆما ٨:١٥، ئەفەسۆس ١:١٣-١٤).

چوارەم: خودی عیسا مەنزڵگەی ڕوحی پیرۆزە. ئێمە لەو جیهانەدا بە تەنیا هەنگاونانێین. عیسای مەسیح ڕوحی پیرۆزی خۆی نارد تا لە ئێمەدا بمێنێتەوە (یوحەنا ١٤:١٦-١٧). ڕوحی پیرۆزە، عیسای

مەسیح شایەتیدەدا، ئەو فێردەکات، ڕێبەریدەکات، یارمەتیدەدات، مەحکوومدەکات و گارانتییەکە بۆ پەریی خودا کە چاوەڕوانی ئیماندارەکانە لە ئاسمان (یوحەنا ١٦:١٤، ٢٦:١٥، ١٦:٧-٨، ڕۆما ١٤:٨، دووەم کۆرنسۆس ٢٢:١، ٥٥، ئەفەسۆس ١٤:١، یەکەم یوحەنا ٢٧:٢). عیسای مەسیح لە ڕێگای ڕوحی پیرۆزەوە، عمانوئێلی ئێمە دەبێ کە بەواتای "خودا لەگەڵ ئێمە" یە (ئیشایا ١٤:٧، مەتا ٢٣:١).

پێنجەم: خودا ژیانی نەمری بەخشیوە بە مەسیحیەکان. گرنگە کە تێبگەین ژیانی نەمری بۆ ئێمە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە باوەڕمان بە عیسای مەسیح هێناوە (یوحەنا ٢٤:٥). ژیانی نەمری لەسەروتر لە چەندێتیی ژیانی ئێمەیە (ژیانی ناکۆتا)، بەڵکوو چۆنیەتیی ژیانیش لە خۆدەگرێت (ژیان لە پەیوەندی لەگەڵ خودا). عیسا گوتی "ژیانی هەتاهەتاییش ئەوەیە کە ئێوە بناسن، تەنها خودای ڕاستەقینە و عیسای مەسیح، ئەوەی کە ناردووتە " (یوحەنا ٣:١٧).

شەشەم: مەسیحی دروستکراوی دەستی خودایە. یەکێک لە گەورەترین بەڵگەکان کە خودا ئێمەی خۆپارێزکردووە ئەوەیە کە ئەو درێژە بە پاککردنەوەی ئێمە دەدات. بەو واتایە کە ئەو لەسەر ژیانی ئێمە کاردەکات تا ئێمە پیرۆزبکات. پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە خودا هەموو شتێک لە ژیانی ئێمەدا ڕێنماییدەکات. تەنانەت تەنبێکردنی ئەو بۆ ئەوەیە کە ئێمە وەک عیسای مەسیحمان لێبێت و کارگەلی باش بکەین کە ئەو لە پێشووتر بۆ ئێمەی لەبەرچاوگرتووە (ڕۆما ٢٨:٨-٢٩، ئەفەسۆس ١٠:٢، عبرانیان ٥:١٢-١١). چ باشیەک لەوە دایە کە بزانین خودا بۆ گۆڕینی ئێمە بێراوەستان کاردەکات، پۆلسی نێردراو نووسیویە کە " لەمەشدا دڵنیام، خودا کە لە ئێوەدا ئەم ئیشە چاکەی دەستپێکردووە، هەتا ڕۆژی عیسای مەسیح تەواوی دەکات " (فیلیپی ٦:١).

لە کۆتاییدا، مەسیحیەکان شکۆدار دەکرێن. هیوای بێ چەندوچون و مەزنی ئێمە ئەوەیە کە لە ئەو شوێنەوە کە مەسیح هەستایەوە، ئێمەش لە ناو مردووەکان ڕابینەوە و کاتی گەڕانەوەی ئەو لە شکۆکەیدا بەشداربین (ڕۆما ١١:٨، ١٧، ٢٩-٣٠). جەستەی ئەخلاقی ئێمە وەک لەشی شکۆپێدراوی مەسیحی لێدێت و هیچ کات نابێتە بابەتی گوناه، مردن و گەندەڵی (سەرەتای کۆرنسۆس ٥٣:١٥-٥٤، فیلیپی ٣: ٢٠-٢١، سەرەتای سالۆنیکی ١٦:٤-١٧). ئێمە هەتاهەتایە لە ئاسمان و زەویەکی نوێ کە تەنیا کەسانی لەخوداترس تێیدا دەژین، لەگەڵ خوداکەمان دەمێنینەوە (یوحەنا ٢:١٤، سەرەتای سالۆنیکی ١٧:٤، دووەم پەترۆس ١٣:٣، ئاشکراکردن ١:٢١-٤، ٢٢-٢٧).

### کەواتە دەبێ چۆن بژین؟

پەرتوکی پیرۆز لە ئێمەی دەوێت بە شێوەیەک بژین کە شایانی بانگهێشتکردنمانە (ئەفەسۆس ١:٤) و هاوشێوەی مەسیح گەشەبکەین (ڕۆما ٢٩:٨) و لە ڕێگای ئەو کارە باشانەدا هەنگاوبنێین کە خودا بۆ ئێمەی ئامادەکردووە (ئەفەسۆس ١٠:٢). لە وەڵامی میهرەبانیەکانی خودادا، ئێمە دەبێ ژیانی خۆمان وەک قوربانییەکی زیندوو، پیرۆز و شیاوی خودا، پێشکەش بەو بکەین (ڕۆما ١:١٢-٢).

ڕێنماییە کردەییەکانی خوارەوە لە پەرتوکی پیرۆز وەرگیراون تا یارمەتیدەرێکی هەرەباشبن لەم پرسە بێوێنەیەدا.

*کتێبی پیرۆز بخوێنە*

ئێمە دەبێت پەرەبدەین بە زانینمان لەسەر خودا، زانینمان لەسەر هەمو ئەوەی کە خودا بۆ ئێمەی کرد لە مەسیحدا، وە زانینیشمان لەسەر ویستی ئەو بۆ ژیانمان. ئێمە دەبێت لە باوەڕماندا بەهێزبین، لە گوێڕایەڵیماندا بوێربین و وە تەبابین لەگەڵ وێنەی خودادا. ئەمەش تەنها لە ڕێگەی خوێندنەوە و خوێندن و دەرخکردن و پەیڕەیلێکردنی پەرتوکی پیرۆزەوە بەدەستدێت (دووهەم تیموتائوس ۳:۱۵-۱۷). پەرتوکی پیرۆز لە خوداوە ئیلهامی پێبەخشراوە و بەبەرهەمە بۆ فێرکردن، ڕاستکردنەوە و ڕاهێنان لە دادپەروەریدا. (دووەم تیموتائوس ۳:۱۵-۱۷ ) هەر لەبەرئەمەش، ئێمە دەبێت بۆ ناسینی ڕاستیەکانی هەوڵبدەین و ئەو لە ژیانماندا بەکاربێنین (دووەم تیموتائوس ۲:۱۵). عیسای مەسیح گوتی، " مرۆڤ تەنها بە نان ناژی، بەڵکو بە هەر وشەیەك كە لە دەمی خوداوە دێتە دەرەوە." (مەتا ٤:٤).

*خۆتەرخانکردن بۆ نزاکردن*

خودا لە ڕێگای پەرتوکی پیرۆزەوە قسەمان لەگەڵدادەکات و ئێمەش لە ڕێگای پاڕانەوە قسە لەگەڵ ئەو دەکەین. ئێمە ناتوانین خۆمان هیچ کارێک بکەین (یوحەنا ١٥:٤-٥) بەڵکو دەتوانین بە پشتبەستن بە هێزی مەسیح و دەربڕینی پێویستییەکانمان بەو لە پاڕانەوەکانماندا، بە ئەنجامبگەین (یوحەنا ١٥:٧-٨). پەرتوکی پیرۆز لێوڕێژە لەو وانانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ پێویستی هەبوونی پاڕانەوە، کەڵکەکانی و بەڵێنەکانی بەرەکەت بۆ ئەو کەسانەی کە دەپاڕێنەوە (مەتا ٧:٧-١١، لوقا ١١:١-١٣، یەعقوو ٤:٢). لەبەر ئەم هۆکارانە و زۆر هۆکاری تر، ئێمە دەبێ خۆمان بۆ پاڕانەوە تەرخانبکەین و هیچکاتیش بێهیوا نەبین (لوقا١٨:١، کولسیان ٤:٢).

پاڕانەوە واتا پەیوەندی و ئاخاوتن لەگەڵ خودا کە بریتییە لە پەرەستن، پێداهەڵگوتن، سوپاسکردن، داواکردنی وەدیهاتنی ورەی خودا لە ژیانی خۆمان، خانەوادەکەمان، کڵێساکەمان و جیهاندا؛ داواکردنی ئەوەی کە خودا بە پێی حیکمەتی خۆی پێداویستیەکانمان بۆ دابیندەکات؛ و دانپێدانان بە گوناە و داواکردنی هێزی ڕوحانی بۆ زاڵبوون بەسەریدا. یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی فێربوونی پاڕانەوە ئەوەیە کە پاڕانەوەکانی پەرتوکی پیرۆز بخوێنینەوە. یەکێک لە بەکەڵکترین شێوازەکانی پاڕانەوە دەتوانن لە مەتا ٦:٩-١٣دا بدۆزنەوە.

### *هاوشوناسبوونی گشتی لەگەڵ مەسیح لە ڕێگای تەعمید (خۆشۆردن)*

ئێمە تەنیا بە باوەڕهێنان ڕزگاربووین بەڵام عیسای مەسیح بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە فەرماندەدات کە شوناسی خۆیان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگای تەعمید، بۆ ئەو و قەومەکەی ئاشکرابکەن و بخەنەڕو (مەتا ۲۸:۱۸-۲۰، ئەعمال ۸:۳٦-۳۷).

### *هاوبەشیکردن لەگەڵ کڵێسەیەکی ئینجیلی*

ئەوە ویستی خودایە کە هەموو باوەڕدارە ڕاستەقینەکان لە چڤاتێکی هاوبیردا یەکدەگرن (عبرانیان ۱۰:۲۳-۲۵). بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کڵێسای پەرتوکی پیرۆز ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- پابەندبوونێك بە لێهاتوی و کارایی پەرتوکی پیرۆز
- ڕێزگرتن لە ڕاستیی پەرتوکی پیرۆز و هەبوونی حەز بۆ وتنەوە و پەروەردەی ئەو پەرتوکە
- وەفاداربوون بە مەسیحیەتی ڕاستەقینە و سێیانەکان (تەسلیس) کە لە دانپێدانانامە کلاسیکەکانی باوەڕهێنانەوەکانی سەردەمی چاکسازییەوە/ ڕیفۆرم دەستدەکەون
- ڕوانینێکی شکۆمەندانە لە خودا و پێزانینی گوناهباری مرۆڤ و پێویستیەکانی
- باوەڕیەکی پتەو بەوەی کە عیسای مەسیح و پەرتوکی پیرۆزی ئەو ناوەند و ناخی باوەڕی مەسیحیین
- تێگەیشتنی پەرتوکی پیرۆز بۆ گۆڕان و وەرچەرخان دەمانگەیەنێت بە تۆبەکردن، باوەڕهێنان و پیرۆزی (قدوسبوون)
- خۆتەرخانکردن بۆ پەرەستنی پەرتوکی پیرۆز هاوڕێ لەگەڵ ترس لە خودا، بەرامبەر بە ڕابواردن یان سۆزگەرایی
- ڕێبەرییەکی پێکهاتوو لەو پیاوانەی کە پیرۆز و گوێڕایەڵ و بەتوانان لە فێرکرندا کە ژیانی خۆیان تەرخاندەکەن بۆ باوەڕداران لەژێرسایەی ئەواندا و دیسپلین بەسەریاندا پیادەدەکەن
- پابەندبوون بە ئامۆژگاری پەرتوکی پیرۆز و دیسپلینی کەنیسە
- پەیڕەویکردنی ڕاستەقینە لە مەسیح، شوێنپێهەڵگری لە پیرۆزی و خۆشەویستی هاوڕێ لەگەڵ شکانەوە لە هەمبەر کەموکوڕییەکانی خۆمان و بەخۆداهەڵنەگوتن لە هەمبەر کڵێسە باوەڕدارەکانی دیکە
- پابەندبونێکی ڕاستەقینە و بەرچاو بە مزگێنی ئینجیل و ئەرکە پێسپێدراوەکان
- دەربڕینی پشتبەستن بەخودا لە ڕێی کۆبونەوەی بەردەوام بۆ نوێژکردن

### *گەشەکردن لە پاکبوونەوەدا (قدوسیەت)*

پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە قدوسیەت و پاکبوون (گەشەی شەخسیمان لە پیرۆزی، یان وەك-مەسیحیبووندا) ویستی خودایە (یەکەم سالۆنیکی ٤:٣، عبرانیان ١٢:١٤، یەکەم پترۆس ١:١٤-١٦).

بۆ ئەوەی کە ئەمەش ببێتە ڕاستییەک لە ژیانماندا، دەبێت بە خوێندنەوەی پەرتوکی پیرۆز، پاڕانەوە و بەشداریکردن لەگەڵ خوداناسەکاندا، ڕێڕەوی لە خودا بکەین و لە کارە پڕ لە گوناهەکانی ئەم جیهانە بەدوربین تا ئێمەش تێوەنەگلێنێ (دووەم کۆرنسۆس ١٤:٦ -١:٧).

***خزمەتکردن لە کلێسەی ناوچەییدا***

پەرتوکی پیرۆز فێرماندەکات کە هەر باوەڕدارێک، بەشێکە لە قدوسییەتێکی شاهانە (یەکەم پترۆس ٩:٢). هەریەک لە ئێمە توانای ڕوحی پێبەخشراوە کە بەکاربهێنرێت لە بنیادنانی کلێسەی ناوچەیەکدا (ڕۆما ١٢:٤-٨، یەکەم کۆرنسۆس ١٢:٤-٧). ئێمە نابێ تەنیا ببین بە ئەندامی یەک کلێسەی ئینجیلی بەڵکو دەبێ بەپێی تواناکانمان لە کلێسەدا خزمەتبکەین، خزمەت لە کلێسە تەنیا تایبەت بە خزمەتکارانی کەنیسە و شێخەکان نیە. کاری خزمەتکارانی کەنیسە تەیارکردنی هەموو ئەندامەکانی کلێسەیە بۆ کاری خزمەتکردن (ئەفەسۆس ١١:٤ -١٢).

***خزمەتکردن لە مزگێنی و ئەرکەکان***

ئەوە ویستی خودایە کە ئینجیلی عیسای مەسیح بە تەواوی نەتەوەکان و هەر تاکێک لە دونیا ڕابگەیەندرێت (مەرقۆس ١٦:١٥، لوقا ٢٤:٤٧). فەرمانی عیسا ناوبراوە بە ئەرکە مەزنەکە (مەتا ٢٨:١ -٢٠)، و هەر مەسیحیەک بەپێی تواناکانی ئەم ئەرکەی پێسپێردراوە. ئەمە ئەوەش لەخۆدەگرێت کە ئاگاداری ئەوانەش بین کە لەسەر باوەڕەکەیان ناڕەحەتی دەچێژن، یارمەتیدانی ئەوانەی لە نەهامەتیدان، وە کاری خۆبەخشانە بۆ ئەوانە ئەنجامبدەین کە بێباوەڕن (مەتا ٢٥:٣١-٤٦، گەلاتیا ٦:١٠، عبرانیان ١٣:٣، یاقوب ١:٢٧).

### هیوا و پاڕانەوەی ئێمە بۆ ئێوە

خودای ئاشتی خۆی بە تەواوی پیرۆزتان بکات. تەواوی ڕۆح و دەروون و جەستەتان لە کاتی هاتنەوەی عیسای مەسیحی گەورەماندا بێ گلەیی بپارێزن. (یەکەم سالۆنیکی ٥:٢٣)